# خێوەکان



**ژنە نووسەری نایجیری چیماماندا نگوزی ئازیچی**
**و: محەمەد عەبدوڵڵا**

**مووچەکەیان دزیم...!**

ئەمرۆ ئەکینا ئۆکۆرۆ-م بینی، ئەو پیاوەی ماوەیەکی زۆر وامدەزانی مردووە، دەبوایە بنوشتامایەتەوەو پڕ چنگێك خۆڵم هەڵگرتایەو پیامدابکردایە، تا دڵنیابم کە خێونییە. کەسوکارەکانمان وا دەکەن، بەڵام من پیاوێکی خوێندەوارم، پرۆفیسۆرێکی خانەنشین و تەمەنم حەفتاو یەك ساڵە، دەبێت هێندەم زانست پێبێت کە پێکەنینم بەم نەریتانەبێت. هەر لەبەر ئەوەش بوو خۆڵم تێنەگرت. بەهەرحاڵ ئەگەر بشمویستایە نەمدەتوانی ئەوە بکەم، چونکە ئەو زەوییەی یەکترمان لێبینی، زەوییەکی کۆنکرێتی بوو لە بینای خەزێنەی زانکۆدا.

چووبوومە ئەوێ تا بۆ جارێکی دیکە پرسیاری مووچەکەم بکەم.

(ڕۆژ باش جەنابی پرۆفیسۆر)، یۆجیکی کە فەرمانبەرێکی روخسار وشك بوو، وای وت، هەروەها وتیشی: (ببوورە هێشتا پارە نەهاتووە). فەرمانبەرێکی دیکە کە ناوەکەیم لە بیرکردووە، لە و کاتەدا شتێك لە دەمیدابوو، ئەویش بەئاماژە داوای لێبووردنی کرد.

ئەوان لە سەر ئەم حاڵەتە ڕاهاتوون.

هەروەك منیش ڕاهاتووم.

هەروەها ئەو پیاوە داماوانەش ڕاهاتوون کە لە ژێر دارمانجۆکەدا کۆبوووبوونەوەو بەدەنگی بەرز دەیانووت:

-وەزیری خوێندنی باڵا مووچەکەی دزیوم، یەکێکیان وای وت.

یەکێکی دیکە بۆی سەندەوە:

-بەڵکو بریکاری زانکۆ، کە پارەکەی خستووەتە حسابە بانکییەکەی خۆیەوە.

لە عنەتی بریکاری زانکۆیان کرد، دوعایان کرد لە پیاوەتی بکەوێت، منداڵەکانی نەزۆک بن و بەسکچوون بمرن.

لێیان نزیکبوومەوە، سڵاویان لێکردم و لە شێوەی بەخشیندا سەریان جوڵاند، وەك ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان مووچەی خانەنشینییەکەی من لە مووچەی خانەنشینیی ئەوان، وەك نامەبەرو شۆفێر، گرنگتر بێت.

وەکو زۆربەی خەڵك بەپرۆفیسۆر بانگیانکردم، فرۆشیارە دەستگێرەکانیش هەروا دەکەن، ئەوانەی لە ژێر دارەکاندا بەدیار دەفرەکانیانەوە دانیشتوون (پرۆفیسۆر! پرۆفیسۆر! وەرە مۆزی باش بکرە).

قسەم لەگەڵ فنسینت کرد، لە هەشتاکاندا کە ڕاگری کۆلێژ بووم ئەویش شۆفێرمان بوو.

(جەنابی پرۆفیسۆر، سێ ساڵە مووچەی خانەنشینییەکەم وەرنەگرتووە). هەروەها وتی: (بەمشێوەیە خەڵك خانەنشین دەبن... و دەمرن ).

وتم: (بەداخەوە)، بێگومان پێویستیشی بەوە نەبوو کە پێیبڵێم کارەکە چەند ناخۆشە.

(حاڵی چۆنە، پرۆفیسۆر؟ پێموایە حاڵی لە ئەمریکا زۆر باشە.. وانییە؟) ئەو بەردەوام پرسیاری کچەکەمانی دەکرد، هەرکاتێك من و ئەبییری هاوسەرمی ببردایە بۆ لای، ئەو کاتانەی لە کۆلێژی پزیشکی لە ئانجۆ سەردانمان دەکرد. بیرمە ئەو کاتەی هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ خزمەکانیدا بۆ پرسەکە هاتن و وتارێکی کاریگەری خوێندەوە، هەرچەندە دووردرێژ بوو، بەڵام باسی مامەڵەی باشی ئەبییری دەکرد، چۆن جلی کۆنەی کچەکەی داوەتێ بۆ منداڵەکانی.

وتم: (نیکیرۆ باشە).

(تکایە جەنابی پرۆفیسۆر کە قسەت لەگەڵ کرد، سڵاوی منی پێبگەیەنە ).

(هەر وادەکەم....)

بەدرێژی باسی ئەم وڵاتەی کرد کە چاکەی لە بەرچاو نییە، باسی خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی کرد، کە لە کاتی خۆیدا پارەی چاککردنی پێڵاوەکانیان نادەن،... بەڵام سێوی قورقوراگەی سەرنجی راکێشام، بەشێوەیەك ئاوسابوو، واپێدەچوو لە وەدابێت پێستە چرچولۆچەکەی ملی کون بکات و بێتە دەرەوە.

بیرم چوو لە سەرەتای شەستەکانی تەمەنیدایە -فەرمانبەرە نا ئەکادیمییەکان، لە جیاتی شەست و پێنج لە شەست ساڵیدا خانەنشین دەکرێن- بەڵام ئەو گەورەتر دەردەکەوت. جگە لە قژێکی کەم هیچ بەسەرییەوە نەمابوو. زۆر بڵێییە بەردەوامەکەیم بیرە کە نەدەبرایەوە، ئەو کاتانەی دەیگەیاندمە کارەکەم. بیریشمە کە زۆر حەزی لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی من بوو، ئەو کارەی کە هەرگیز بەباشم نەدەزانی.

(پرۆفیسۆر، مۆزمان بۆ ناکریت؟ برسێتی کوشتینی)، یەکێك لە پیاوەکان ئەمەی وت، دەموچاوی نامۆ نەبوو. پێموابێت باخەوانی پرۆفیسۆر ئێبوەی دراوسێمان بوو. تۆنی دەنگی تێکەڵەیەك بوو لە ڕاستی و گاڵتە. پاقلە ی سودانی و هەندێك مۆزم بۆ کرین، هەرچەندە ئەوەی ئەوان بەڕاستی پێویستیان بوو هەندێك شت بوو، دەموچاو و قۆڵیان بەخۆڵەمێش دەچوو. هێشتا لە بەردەم مانگی مایسدا بووین، بەڵام کەشوهەوا هێشتا وشکە لێرە، بای وشك، تەقەتەقێکی کارەبایی جێگیر بوو لە سەر جلە کانم، تەپوتۆز لە سەر برژانگەکانم، ئەمرۆ کرێمم زۆر بەکارهێناوە، بەڵام بەهۆی وشکییەکەوە هەستمدەکرد دەستەکانم گرژبوون. ئەبییر بەردەوام سەرزەنشتی دەکردم، چونکە خۆم بەجوانی چەور نەدەکرد، بەتایبەتیش لە م جۆرە کەشوهەوایانەدا، هەندێکجار رایدەگرتم و بەهێواشی کرێمی نیڤیای لە قۆڵ و قاچ و پشتم هەڵدەسوو. (پێویستە گرنگی بەم پێستە جوانە بدەین) بەپێکەنینێکی سازگارەوە ئەمەی دەوت. ئەو دەیوت سروشتی پێستم خەسڵەتێکی سەرنجڕاکێشە بۆی، چونکە من پارەم نەبوو وەك ئەوانەی داخوازییاندەکرد. (ئەو پێستەی ناقڵیشێت)، وای ناو نابوو.

شتێکی تایبەتم لە ڕەنگە قاوەییە زەردباوەکەمدا نەدەبینی، بەڵام بەتێپەڕبوونی ساڵ و بەشێلانی دەستەکانی ئەبییر وردەوردە فێربووم شانازیی پێوەبکەم.

(سوپاس بۆ ئێوە، پرۆفیسۆر!) پیاوەکان وتیان. پاشان بەهەڵخەڵەتاندنی یەکترەوە سەرقاڵبوون سەبارەت بەوەی کامیان دابەشیدەکەن. من وەستابووم و گوێم بۆ قسەکانیان شل کردبوو. دەمزانی ئەوان بەڕێزی زیاترەوە لە وەی ڕاهاتوون قسەیاندەکرد، چونکە من لە وێ بووم:

-دارتاشی قازانجی نەماوە.

-منداڵان نەخۆشن.

-کێشەی قەرزەکان.

پێدەکەنین هەروەك چۆن زۆربەی جارەکان وا دەکەن.

بێگومان چەرمەسەریی هەبوو، پێویستیشە هەبێت، بەڵام روحیانەتیان بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر یەکانگیربوو.

زۆرجار وابیردەکەمەوە، کە منیش وەك ئەوانم لێدەهات، ئەگەر ئەو دامەزراندنانەی نووسینگەی فیدراڵی ئامار نەبوونایە؟ ئەگەر نیکیرۆ سوورنەبوایە لە سەر ناردنی ئەو دۆلارانەی پێویستم پێیان نەبوو؟ گومانم هەیە، رەنگە وەك پشتی کیسەڵ بچەمیمایەتەوەو رێم بەکەرامەتم بدایە بتوایەتەوە.

کەشتییە بەتاڵەکان

سەرئەنجام خواحافیزیم لێکردن و بەرەو ئوتۆمبێلە کەم هەنگاوم نا، کە نزیك ئەو دار سنەوبەرانە بوو کە کۆلێژی فێرکردنیان لە خەزێنە دەشاردەوە. ئەمە ئەو ساتە بوو کە ئیکینا ئۆکۆرۆ-م بینی.

سەرەتا هاواریکرد: (جیمس؟ جیمس تۆی، ئەوە خۆتی...؟). بەدەمی داپچڕاوەوە وەستا. دانەکانی هێشتا تەواوبوون. من پارساڵ دانێکم لە دەستدا. بەقسەی نەکیرۆم نەکرد تا دانەکانم چاکبکەم. هەستم بەناسۆر کرد کە تاقمە تەواوەکەی ئەکینام بینی.

(ئیکینا..! ئیکینا ئۆکۆرۆ...!) وەك کەسێك پرسیارم کرد کە نەتوانێت باوەڕبکات.

گەرانەوەی پیاوێك سی و حەوت ساڵە مردووە.

(بەڵێ، بەڵێ) ئیکینا زیاتر نزیکبووەوەو بەسەرسامییەوە تەوقەمانکردو باوەشمان بەیەکداکرد.

من و ئیکینا دوو هاورێی نزیك نەبووین، لە و رۆژانەدا ناسیم کە هەموو کەسێك دەیناسی. ئەو بوو دەچووە سەر سەکۆی یانەی فەرمانبەران، ئەو بوو وتاری دەخوێندەوە تا هەموو گیانی شەلاڵی عارەق دەبوو. ئەو بوو راڤەی سادەی بیروبۆچوونەکانی زەعیم نیریری بڵاودەکردەوە، چاپێکی شێواو لە سەر کاغەزی هەرزانبەها.

زاناکانی کۆمەڵناسی کاتیان زۆر بوو تا هەموو جۆرە رادیکالییەکان پیرۆز بکەن، بەڵام ئێمەی پیاوانی زانستەکان تەنها بەکەشتیی بەتاڵ دەمانبینین.

بەڵام ئیکینا-مان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینی، نازانم بۆچی لە شێوازە توندەکەی خۆشبووبووین، ناميلکەکانيشيمان لە لا ئاسایی بوو، تەنانەت سەرسامیش بووین بەشێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەکاندا. ئەو هێشتا پیاوێکی گرژەو چاوی بۆقی هەیەو پێستە رەنگکراوەکەشی لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵاندا شێوابوو. ئەوەی ناوبانگی ببیستێت وەك وتاربێژێك، بەئاسانی ناتوانێت بێهیوایی خۆی بەبینینی بشارێتەوە، چونکە قووڵیی وتارەکانی پێویستی بەجۆرێك رووخۆشییە، بەهەرحاڵ خەڵکی لای ئێمە دەڵێن: نێچیری بەناوبانگ هەموو کاتێك سەبەتەی راوچی پڕناکات.

(تۆ زیندوویت...؟) بەلە رزینەوە پرسیارم لێکرد.

لە دوایەمین جاردا کە من و خێزانەکەم بینیمان، مرد. رۆژی 6ی تەمموزی 1968، ئەو رۆژەی بەپەلە ماڵەکانمان چۆڵکرد. لە ئاسمان خۆرێکی ئاگرینی سوور هەبوو، لە و نزیکانەش هەرچەند سەربازە فیدراڵییەکان پێشڕەوییان دەکرد، (بوم، بوم، بوم) سەدای دەنگی بۆردومان دەهات. لە ئوتومبێلێکی بیجۆی 404 دا بووین. پیاوەکانی بەرگریی میللی لە نێوەند دەرگای شورای زانکۆوە ئاماژەیان دەداینێ کە نەترسین، پێیانوتین کە تێکدەرەکان -وامان بەسەربازە فیدراڵییەکان دەوت- لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەشکێن و ئەوکات هەموومان دەگەڕێینەوە. گوندنشینانی ناوچەکە، ئەوانەی دوای شەڕ خواردنیان لە سەبەتەی وانەبێژەکان هەڵدەگرتەوە، بەسەدانیان، بەڕیزێکی درێژ دەڕۆیشتن، ژنان سندوقیان لە سەر سەردانابوو، ساوا شیرەخۆرەکانیان لە پشتیان بەستبوو، منداڵان بەپێپەتی کۆڵیان هەڵگرتبوو، پیاوان پاسکیلە کانیان رادەکێشاو پەتاتەی خۆشکراوی لە سەر بوو. بیرمە ئەو کاتە ئەبیر دڵخۆشی زیك-ی کچمانی دەدایەوە، دەربارەی بووکەکەی کە لە پەلە پەلیدا جێمانهێشتبوو، کاتێك ئوتۆمبێلە سەوزەکەی ئیکینام بینی، کە بەپێچەوانەوە رووەو شورای زانکۆ لێیدەخوڕی، پێم لە ئیستۆپ توندکردو وەستام.

(تۆ ناتوانیت بگەرێیتەوە)، هاوارمکرد.

ئیشارەتی کردو وتی: (پێویستە هەندێك دەستنووس بەدەستبێنم)، یان وابزانم وتی: (دەبێت هەندێك بابەت بەدەستبێنم).

من پێموابوو سەرکێشە ئەگەر بگەرێتەوە. بۆردومانەکە تەواو نزیکبووبووەوە، هێزەکانیشمان بەلایەنی کەمەوە بەهەفتەیەك یان دووان تێکدەرەکان دەردەکەن. هەستکردن بەرەوایی مەسەلە ی بیافراو بەرگریی بەکۆمەڵ پڕیکردبووین. بۆیە گوێمان پێنەدەدا تا هەواڵی شکانی نسۆکاو داگیرکردنی شورای زانکۆمان لە هەمان رۆژی چۆڵکردنەکەدا بیست. ئەوەی هەواڵەکەی پێوتین خزمێکی پرۆفیسۆر زیك بوو، هەروەها پێشیوتین کەوا دووان لە وانەبێژەکان کوژراون و

یەکێکیان لەگەڵ سەربازە فیدراڵییەکاندا پێش کوشتنی کەوتووەتە مشتومڕ، ئیتر ئێمە پێویستمان بەکەس نەبوو تا پێمانبڵێت ئەوە ئیکینایە.

ئیکینا بەپێکەنینەوە وتی: (منم… منم) وەڵامەکەی دڵخۆشکەربوو بۆی، چونکە دووبارە پێکەنییەوە.

تەنانەت پێکەنینەکەشی کە ئێستا بیرمدێتەوە، وشك و شێواو دەردەکەوت.

هیچ شتێك وەك ئەو دەنگە تیژە نییە کە لە رۆژانەدا سەرتاپای یانەی فەرمانبەرانی دەهەژاند.

(بەڵام ئێمە بینیمانیت) ، هەروەها وتم: (بیرتە ئەو رۆژەی ناو شورای زانکۆمان چۆڵکرد؟).

وتی: (بەڵێ)

(وتیان دەرنەچوویت؟)

(بەڵام دەرچووم) ئاماژەیەکی کرد (دەرچووم. مانگی دواتر بیافرا-م جێهێشت).

(جێتهێشت…!) لە و ساتەدا هەستکردنم زۆر سەیربوو، لە چرکەساتێکدا هەستم بەو قێزەونییە قووڵەکرد کە هەرکاتێك دەربارەی ئەو تێکدەرانەی خیانەتیان لە سەربازەکانمان کردوە دەمانبیست، ئەوانەی خیانەتیان لە نەتەوە تازەپێگەیشتوو و مەسەلە رەواکەمان دەکرد، بۆ ئەوەی دەرچوونێکی سەلامەت بۆ نەیجیریا بەدەستبێنن. بۆ گەیشتن بەخوێ و گۆشت و ئاوی سارد، کە گەمارۆ لێی دوورخستبووینەوە.

(نا، نا، مەسەلە کە وانییە، بەو شێوەیە نییە کە بۆیدەچیت) ئیکینا وەستا، شلی کراسە خۆڵەمێشییەکەیم بەسەر شانەکانییەوە تێبینی کرد.

(بەهۆی فرۆکەیەکی خاچی سوورەوە سەفەری دەرەوەم کرد، چووم بۆ سوید).

هەندێك شپرزەیی، سەرسورمان و شەرم.

شتەکە سەیربوو، چونکە ئەم پیاوە جەماوەری هاندەدا.

بیرمە چۆن لە دوای جاری سەربەخۆیی بیافرا کۆبوونەوەی رێکدەخست، لە گۆرەپانی ئازادیی کۆبووینەوە، ئەو وتاری دەخوێندەوەو ئێمەش هاواماندەکرد: (بژی سەربەخۆیی، بژی سەربەخۆیی!)

پرسیارم کرد: (چوویت بۆ سوید؟)

(بەڵێ)

هیچی دیکەی نەوت. زانیم نایەوێت زیاتر بڵێت، نایەوێت پێم بڵێ چۆن بەزیندوویی لە شورای زانکۆ دەرچووە، یان چۆن توانیی سواری ئەو فرۆکەیە ببێت، دەزانم ژمارەیەك منداڵ لە کۆتاییەکانی جەنگدا بەئاسماندا بۆ گابۆن گواسترانەوە، بەڵام نەمبیستووە خەڵك لە سەرەتای جەنگ و بەفرۆکەی خاچی سوور گواسترابێتنەوە.

بیدەنگی و شڵەژانێك دروستبوو.

(هەموو ئەم ماوەیە لە سوید مایتەوە؟) پرسیارم لێکرد.

(بەڵێ، تەواوی خێزانەکەم لە ئەبجانا بوو، کاتێك بۆردومانیان کرد. کەسیان دەرنەچوون، هیچ هۆیەك بۆ گەرانەوەم نەمابوو.) وەستا بۆ ئەوەی دەنگێکی سەخت دەربکات، کە ویستی پێکەنین بێت، بەڵام وەك زنجیرە کۆکەیەك دەرکەوت.

(لەگەڵ دکتۆر ئەنیا بۆ ماوەیەك پەیوەندیم هەبوو، سەبارەت بەدروستکردنەوەی شورای زانکۆکە پێیوتم، وابزانم پێشیوتم کە تۆش دوای شەر سەفەری ئەمریکات کردووە).

لە راستیدا من و ئەبیر هەر دوای شەر لە ساڵی 1970 دا گەراینەوە نسۆکا، بەڵام بۆ چەند رۆژێك، لە وە زیاتر نەمانتوانی بەرگە بگرین، کتێبەکانمان لە باخچەکەی پێشەوە لە ژێر دار مانجۆ سێبەردارەکەدا بوو بووە مەڵۆیەکی خەڵوز. تۆپەڵێك کەلوپەلی بەکلس بوو لە حەوزی حەمامەکەدا، تۆمارە ماتماتیکییەکانم وەك کاغەزی ئاودەست بەکارهێنرابوون، شێوازە ماتماتیکییەکانم کە بەخوێندکارەکانم دەوتەوە شێوێندرابوو، پیانۆکە… پیانۆکەی ئەبیر نەمابوو، رۆبی دەرچوونەکەم کە بۆ وەرگرتنی یەکەم بروانامەم لە ئیبادان لە بەرمکردبوو، شتێکی پێسردرابوو، ئەو رۆبە ئێستا فرێدراوەو مێرووله بەناویدا هاتوچۆ دەکات، مێرووله کان سەرقاڵن و ئاگایان لە چاودێریکردنی من نییە، وێنەکانمان دراون، چوارچێوەکانیان شکێندراون. بۆیە رووومان لە ئەمریکا کردو تا 1976 نەگەراینەوە.

خانوێکیان لە شەقامی ئزینویز بۆ تەرخانکردین، تا ماوەیەکی دوورودرێژ خۆمان لە گوزەرکردن بەشەقامە کۆنەکەماندا، دەبوارد.

نەماندەویست خانووە کۆنەکەمان ببینین، دواتر بیستمان کە جێنشینە نوێیەکە دار مانجۆ پڕ سێبەرەکەی بڕیوە.

هەموو ئەمانەم بەئیکینا وت، بەڵام پێمنەوت کەوا ماوەیەك لە بیرکلی ماینەوەو چۆك بیل-ی هاوڕێم دامەزراندنێکی لە وێ بۆ دابینکردم. ئیکینا بۆ ماوەیەك بەبێدەنگی مایەوە، پاشان وتی: (حاڵی کچە بچکۆلە کەت (زیك) چۆنە؟ بێگومان ئێستا گەورەبووەو ژنێکە)

بیرمە هەر جارێك دەمانبردە یانەی فەرمانبەران، پێداگریی دەکرد تا پارەی فانتاکەی زیك بدات، چونکە وەك خۆی دەیوت جوانترینە لە ناو منداڵەکاندا، گومانیشم هەبوو کە لەبەر ئەوە ئەم کارەی دەکرد کە بەناوی سەرۆکەکەمانەوە ناومان نابوو، ئیکیناش یەکێك بوو لە لایەنگرانی پێش ئەوەی واز لە جوڵانەوەکە بهێنێت بەبیانووی ئەوەی گوایە زۆر ئاسایی بووە.

بەلە هجەی خۆماڵی ئیجۆ وتم (شەڕ زیکی لێسەندین). قسەکردن بەئینگلیزی دەربارەی مردن لە لام کۆتاییەکی بێزارکەری هەبوو.

ئیکینا بەقووڵی هەناسەی دا، بەڵام تەنیا وتی: (بەداخەوە)، هیچی دیکەی جگە لە و وشەیە بۆ نەوترا.

خۆشحاڵبووم کە نەیپرسی چۆن مرد. (چۆن)ی جۆراوجۆر نەبوو بۆ مردن، سەرسام نەبوو، وەك ئەوەی قوربانییەکانی جەنگ تەنیا رووداوبن و هیچی دیکە.

وتم: (دوای شەڕ منداڵێکی دیکەمان بوو، کچەکەی دیکەمان)، بەڵام ئیکینا بەپەلە قسەی دەکردو وتی: (هەرچی لە توانامدابوو کردم، خاچی سووری نێودەوڵەتیم جێهێشت، چونکە پڕە لە خەڵکی ترسنۆك، ئەوانەی ناتوانن بەرگری لە مرۆڤ بکەن. دوای ئەوەی ئەو فرۆکەیە لە ئیکیت بەردرایەوە، ئیتر پاشگەزبوونەوە، وەك ئەوەی نەزانن ئەوە تەواو ویستی جەنەراڵ جوون-ە، بەڵام ئەنجومەنی جیهانیی کەنیسەکان، بەردەوامبوو لە ناردنی یارمەتی لە ڕێگەی ئاسمانییەوە لە ئولییەوە. ئەو شەوانە لە وێ لە وبسالا بووم کاتێك کۆبوونەوەی، ئەوە گەورەترین چالاکییان بوو دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کۆکردنەوەی یارمەتی ڕێکخرا، بیافرییەکان لە هەموو پایتەختە ئەوروپییەکانەوە ڕێکخران. دەربارەی خۆپیشاندانە گەورەکە، بیستت لە گۆڕەپانی (الطرف الاغر) من لە ڕێبەرەکانی بووم، چیم لە تواناددا بوو کردم.)

دڵنیا نەبووم قسە بۆ من دەکات، ئەوەی بۆ منی باسکرد، زۆرجار بۆ کەسانی دیکەی وتووەتەوە، نیگای چاوم پەڕییەوە سەر دار مانجۆکە، پیاوەکان هێشتا لە وێ کۆبووبوونەوە، نازانم هەموو مۆزو پاقلە سودانییەکەیان خواردووە یان نا.

لە و ساتەدا هەستم بەسۆزێکی کپکرد پڕیدەکردم، سۆزێك هێشتا جێینەهێشتووم.

لە ئوتومبێلە کەماندا خوێنێکی نامۆ هەیە...

(کریس ئۆکیجبۆ مرد، وانییە؟) ئیکینا لێی پرسیم و وای لێکردم دووبارە تەرکیز بکەمەوە، بۆ ساتێك، لە خۆم پرسی دەیەوێت ئینکاری لەگەڕانەوەی خێوی ئۆکیجبۆش بۆ ژیان بکەم، بەڵام ئۆکیجبۆ مرد، بلیمەتەکەمان، ئەستێرەکەمان، ئەو پیاوەی شیعرەکانی هەموومانی دەجوڵاند، تەنانەت پیاوانی زانستیش.

(بەڵێ جەنگ ئۆکیجبۆی برد)

(کەڵە پیاوێکمان لە قۆناغی دروستبووندا لە دەستچوو)

(ڕاستدەکەیت، ئەوەندە ئازابوو بتوانێت بجەنگێت). هەر کە ئەمەم وت هەستم بەپەشیمانی کرد، تەنیا مەبەستم پێزانین بوو بۆ کریس ئۆکیجبۆ، چونکە وەك ئێمە ئەویش دەیتوانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکدا کاربکات، بەڵام رازی نەبوو، تفەنگێکی وەرگرت بۆ بەرگرییکردن لە نسۆکا، نەمویست ئیکینا بەهەڵە لێمتێبگات، پرسیاریشم لێکرد کە پێویست دەکات داوای لێبوردن بکەم، بەڵام ئەو خەیاڵی ڕۆیشتبوو.

با وردەوردە خاکوخۆڵی لە سەر شەقامەکە کۆدەکردەوەو گەڵای وشکی درەختەکانی دەخستە جوڵە. ڕەنگە بەهۆی هەستکردنم بەشەرمەزاری بێت، دەستم کرد بەقسەکردن بۆ ئیکینا دەربارەی ڕۆژی گەڕانەوەمان بۆ نسۆکا، دەربارەی دیمەنی وێرانە، سەقفە پەرشوبڵاوەکان، خانووە کونکونکراوەکان کە بەپەنیری سویسریم چواند. کاتێك گەیشتینە ئەو ڕێگەیەی بەئەجولیری-دا تێدەپەڕێت، سەربازەکانی بیافرا رایانگرتین و سەربازێکی برینداریان خستە ناو ئوتومبێلە کەمانەوە، خوێنی چۆڕایە سەر کوشنی دواوە، چونکە سەر کوشنەکە دڕابوو، خوێنەکە قووڵ چۆڕایە ناوەوەو خوێنێکی نامۆ تێکەڵ بەهەناوی ئوتومبێلە کە بوو.

نازانم بۆچی ئەم چیرۆکەم بۆ ئیکینا گێڕایەوە، بۆ ئەوی وادەرکەوێت واتایەکی بۆ ئەو هەیە، ئەوەم بۆ زیادکرد کە گوایە بۆنی خوێنی سەربازە بریندارەکە، ئەوی بیر هێناومەتەوە، چونکە من وامدەزانی سەربازە فیدڕالییەکان لێیانداوە

تا مردووە، خوێنەکەشیان لە سەر شەقامەکە ڕشتووە. بێگومان ئەمانە ڕاستنین و شتی واشم هەرگیز بەخەیاڵدا نەهاتووەو خوێنی سەربازەکەش ئیکینای بیرنەهێناومەتەوە. پێموابێت ئەویش چیرۆکەکەی پێ سەیربوو، بەڵام قسەی نەکرد.

ئاماژەیەکی کردو وتی: (زۆرم چیرۆکی جۆراوجۆر بیستووە).

پرسیم: (ژیان لە سوید چۆن بوو؟)

(ساڵی ڕابردوو خانەنشین بووم. بڕیارم دا بگەڕێمەوە تا ببینم)، (ببینم)ی بەجۆرێك وت وەك ئەوەی مەبەستی فراوانتر بێت لە بینین بەچاو.

سەردانی ئەبیر

پرسیم، ئەی خێزانەکەت؟

ژنم نەهێناوە.

ئۆو.

ئەی حاڵی هاوسەرەکەت چۆنە؟ نینا... وانییە؟

ئەبیر.

بەڵێ، بێگومان ئەبیر، ئەو ژنە چاکە.

ئەبیر سێ ساڵ لە مەوبەر بەئارامی نوست. بەلە هجەی خۆماڵی وتم، بریسکانەوەی هەندێك فرمێسك لە چاوەکانیدا سەرسامی کردم. ناوەکەی بیرچووەتەوە، بەڵام بەرێگەیەك لە ڕێگەکان دڵخۆشیی دامەوە، ڕەنگە دڵخۆشکردن زەمەنێك بێت کۆتایی هاتبێت لە جیهانی ئەگەرەکاندا. ئێستا دەزانم ئیکینا پیاوێکە لەگەڵ خۆیدا باری ئەوەی هەڵگرتووە، کە دەبوایە هەیبوایە.

بمبوورە... بمبوورە.

گرنگ نییە.... ئەو سەردانم دەکات.

چۆن...؟ پرسیاری لێکردم و چاوەکانی پڕبوون لە سەرسوڕمان، هەرچەندە گومانی تێدا نییە کە گوێی لێم بوو.

سەردانم... سەردانمدەکات.

(زۆر چاکە). بەتۆنێکی بێلایەنانە ئەمەی وت، کە مرۆڤ بۆ هێواشکردنەوەی شێت بەکاریدەهێنێت.

مەبەستم ئەوەیە، ئەبیر سەردانی ئەمریکای کردووە... کچەکەمان لە وێ پزیشکە.

ئۆو بەڕاست، ئیکینا بەگەشکەوە پرسی، من ناحەقی ناگرم. ئێمەی خوێندەواران، سنوورێکی توند بەدەوری ئەو شتانەدا دادەنێین کە بەڕاستی دەزانین.

منیش تا سەردانی یەکەمی ئیکینا وەك ئەو بووم. سێ هەفتە دوای مەراسیمی ناشتنی، بەتەنیابووم، نەکیرۆو کوڕەکەی گەڕابوونەوە بۆ ئەمریکا. گوێم لە دەرگاکە بوو لە قاتی خوارەوە داخراو کرایەوەو دووبارە داخرایەوە، گوێم پێنەدا، چونکە زۆرجار بای ئێواران دەبێتە هۆکاری ئەوە، بەڵام گوێم نە لە خشەی گەڵابوو لە دەرەوەی پەنجەرەی ژووری نووستنەکەم و نە لە جیڕەی دار لە وزو ئەفۆکادۆکان. لە دەرەوە با هەڵینەکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە خوارەوە دەرگاکە بەیەکیدا دەدا.

ئێستا کە بیر لە و ڕووداوە دەکەمەوە، پێموایە نەترسام وەك ئەوەی پێویست بوو بترسێم. گوێم لە تەپەی پێ بوو لە سەر پلیکانەکان بەهەمانشێوە کە ئەبیر سەردەکەوت. هەموو سێیەم پلە یەك بەتوندی پێی پێدا دەدا. بەبێجوڵە لە تاریکیی ژوورەکەماندا دەکشا. هەستم بەڕاکێشانی سەرجێگەکەم کرد، شێلانێکی هێواشی قۆڵەکانم و قاچەکانم و سنگم. لە شقورسبوونێکی خۆش بەسەرمدا زاڵبوو، لە شقورسبوونێك بەئێستاشەوە ناتوانم بەری لێبگرم. دواتر لە خەو بەئاگاهاتم، وەك دوای هەموو سەردانەکانی دیکەی، بەپێستێکی نەرم و بۆندار بەبۆنی نیڤیا.

زۆرجار دەمویست بەنیکیرۆ بڵێم کە دایکی هەفتانە لە وەرزی وشکیداو لە وەرزی بارانیش کەمتر، سەردانم دەکات، بەڵام نەمدەوێرا، نەبادا ببێتە بیانوویەك بەدەستیەوەو لەگەڵ خۆیدا بمپێچێتەوە بۆ ئەمریکا، لە وێش ناچاربم بەو ژیانەی کە بەهەموو هۆکارێکی خۆشگوزەرانی دەورەدراوە، بژیم کە هەندێکجار وا دەردەکەوێت نەزۆکەو بێمانایە. ژیانێکە پڕە لە وەی پێیدەڵێین دەرفەت، ژیانێکە بۆ من نییە.

ئەگەر لە شەڕەکەدا سەرکەوتووبووینایە، چی دەبوو؟

هەندێکجار لە خۆم دەپرسم، ئەگەر لە شەڕەکەدا سەرکەوتووبووینایە چی ڕوویدەدا، ڕەنگە لە وڵاتانی پشت دەریادا

بەدوای ئەو دەرفەتانەدا نەگەڕاینایە، رەنگە ئێستا لە خەمی ئەوەدا نەبوومایە کچەزاکەم بەزمانی ئیجۆ قسەناکات، لە دوا سەردانیدا بۆ لامان نەیدەزانی بۆ دەبێت ئێوارەباش لە خەڵکی نەناسراو بکات، چونکە لە جیهانە ئەمریکییەکەیدا پێویستە مروڤ بیانوویەك بۆ دواندنی ئاسایی-ش بدۆزێتەوە.

کێ دەزانێت؟ رەنگە ئەگەر سەرکەوتووش بووینایە هیچ نەگۆڕایە.

کچەکەت ئەمریکای خۆشدەوێت؟ ئیکینا پرسیاریکرد.

ئەو بەشێوەیەکی زۆر چاك کاردەکات.

وتت پزیشکە؟

بەڵێ، هەستمکرد ئیکینا شایستەی ئەوەیە زیاتری پێبڵێم، بەڵام شڵەژانەکە هێشتا ئارام نەبووەتەوە، بۆیە وتم: لە شارۆچکەیەکی بچووك دەژی لە کۆنیکتیکت، نزیك رود ئیلاند، نەخۆشخانەکە ئاگادارییان بڵاوکردەوە کە پێویستیان بەپزیشکێکە، کاتێك خۆی پێشکەشکرد، سەیرێکیانکردو وتیان پزیشکی بێگانەمان ناوێت، بەڵام ئەو لە دایکبووی ئەمریکایە -کاتێك لە بیرکلی بووین لە دایکبووە- بۆیە ناچاربوون دایبمەزرێنن... پێکەنیم، ویستم ئیکیناش لەگەڵمدا پێبکەنێت، بەڵام پێنەکەنی.

ئۆو، بەڵێ. لانیکەم کارەکان بەو شێوە خراپەی لای ئێمە نەبووە. بیرتە خوێندن لە کۆتایی پەنجاکاندا لە ئۆیوبۆ چۆن بوو؟ پرسیاری کرد.

سەرم لە قاند بۆ ئەوەی تێیبگەیەنم کە بیرمە. هەرچەندە نەدەکرا هەمان ئەزموونمان وەك خوێندکاری دەرەوە هەبووبێت. ئەو خوێندکاری ئۆکسفۆردە، بەڵام من هەرگیز لە ئنگلتەرا نەمخوێندووە.

کەس فێرنابێت...

یانەی فەرمانبەران توێکڵی ئەوەی جاران نییە، ئیکینا وتی. ئەم بەیانییە چووم.

من زۆر لە مێژە نەچووم، تەنانەت پێش ئەوەی خانەنشینیش ببم. گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە تەمەنم زۆر بووەو ئەو شوێنە گونجاو نییە بۆم، ئەو تازە پیاکەوتووانە کەس فێرناکەن، بیرۆکەی نوێ نییە. هەموو زانکۆ بووەتە سیاسەت و سیاسەت و سیاسەت، خوێندکارەکانیش نمرەکانیان یا بەپارە یان بەجەستەیان دەکڕن.

بەڕاست؟

ئۆو، بەڵێ. شتی زۆر دارماوە، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئیدارە، بووەتە شەڕی تایفی و کەسیی. ئای کە شەرمەزارییە. جوزیفات ئۆدینا-ت لە بیرە؟

(سەماکەرە مەزنەکە؟)

بۆ ماوەیەکی زۆر بیرم پەرشوبڵاوبوو، چونکە ماوەیەکی زۆرە بیرم لە جوزیفات نەکردووەتەوە، کە لە و رۆژگارەدا باشترین سەماکاری ناو شورای زانکۆبوو.

وتم: (بەڵێ، بەڵێ، وابوو )

هەستم بەپێزانینێکی زۆرکرد، چونکە یادەوەرییەکانی ئیکینا لە وێدا وەستا، لە کاتێکدا جوزیفات هێشتا پیاوێکی راست بوو.

(جوزیفات ماوەی شەش ساڵ بریکاری زانکۆبوو، بەڕێوەبەرێتیی ئەم شوێنەی وەك ئەوە دەکرد دەواجنی باوکی بێت. پارەکان دیارنەدەمان، چەندین ئوتومبێلی نوێمان دەبینی کە هەڵگری ناوی دامەزراوەی بیانیی وەهمی بوون. هەندێك خەڵك چوونە دادگا بۆ شکاتکردن، بەڵام بێهودەبوو. ئیرادەی خۆی سەپاندبوو. وای لێهات تەنیا خۆی بڕیاری دەدا، کێ بەرزدەبێتەوەو کێی تر بێبەشدەکرێت. بەکورتی ئەو پیاوە بەتەنیا وەك ئەنجوومەنی زانکۆ رەفتاری دەکرد. ئەم بریکارە نوێیەی ئێستاش زۆر دڵسۆزانە جێپێی هەڵدەگرێت. وەك دەزانیت من لە وەتەی خانەنشینکراوم تا ئێستا موچەم وەرنەگرتووە.)

(ئەی بۆ یەکێك شتێك ناکات؟... بۆچی؟) ئیکینا پرسیاری کرد. بۆ ساتێکی کەم هەستم کرد ئیکینای جاران لێرەیە، لە دەنگ و تورەبوونیدا، بیرمکەوتەوە کە پیاوێکی ئازابوو. رەنگە ئێستا بۆکسێك لە درەختەکەی نزیکمان بدات.

(زۆر چاکە). بەگاڵتەجارییەوە، (زۆربەی وانەبێژەکان مێژووی لە دایکبوونیان دەگۆڕن. دەچنە بەشی خزمەتگوزاریی فەرمانبەران و بەرتیل دەدەنە کەسێك تا پێنج ساڵیان بۆ زیاد بکات. کەس نایەوێت خانەنشین بکرێت.)

(ئەمە لە هەموو لایەکی وڵاتدا روودەدات، نەك هەر لێرە.) سەرم بەهێواشی بەملاولادا گێڕا. بەهەمانشێوەی کەسەکانمان لێرە کە وا راهاتوون وەك ئاماژە بەحاڵەتێکی ناخۆش و حەتمی سەربادەن.

(له ڕۆژنامەکاندا دەربارەی دەرمانی ساختە دەمخوێندەوە، پێدەچێت ڕاست بێت) ئیکینا وای وت. وا بیرم کردەوە کە ئەم باسەی هەروا بەڕێکەوت نەبێت. دەرمانی ساختەو فرۆشتنی ئەو دەرمانانەی وادەی بەکارهێنانیان تەواو بووە، تاعونێکی دیکەیەو تووشی وڵاتەکەمان بووە، ئەگەر ئەبیری هاوسەرم بەو شێوازە نەمردایە، قسەکانم لە لا ئاسایی بوو. بەڵام من شڵەژام. لە خۆم پرسی، تۆ بڵێی ئیکینا چۆنیەتیی مردنی ئەبیری زانیبێت و بیەوێت بۆی باسبکەم، تا ئەو شێتییەی زیاتر بۆ ئاشکرا بکەم کە تیامدا هەستی پێکردووە.

(دەرمانی ساختە زۆر ترسناکە)، ئەمەم بەشێوەیەکی ترسناك وت و سووربووم لە سەر ئەوەی هیچی دیکەی بۆ نەدرکێنم. ڕەنگە من هەڵەش بووبم سەبارەت بەو پیلانەی ئیکینا، چونکە لە سەر باسەکە نەڕۆیشت.

ئایا ژیانت باشە؟

پرسیاری کرد (ئەم ڕۆژانە چیدەکەیت؟). فزولی دەردەکەوت، وەك ئەوەی ئەو ژیانەی لا سەیربێت کە من لێرە بەتەنیایی بەسەریدەبەم. لە م شارۆچکە زانکۆییەدا کە کۆپییەکی خراپی جارانیەتی، لە چاوەڕوانی موچەی خانەنشینیدا کە لە وانەیە بێت یان نەیەت. زەردەخەنەیەکم کردو وتم: بەدوای پشوودا دەگەڕێم، مرۆڤ لە خانەنشینیدا وا ناکات؟.

هەندێکجار دەچمە سەردانی هاوڕێی دێرینم پرۆفیسۆر مادۆیۆ. بەناو کێڵگەی درەختەکانی گۆرەپانی بەناو ئازادیدا پیاسە دەکەم، یان لە ڕێگەی ئەکیجیانی دەسوڕێمەوە، کە ماتۆڕسکیلە کان تیژتێپەڕدەبن و خوێندکاران لە وێ دانیشتوون و قاچیان بڵاوکردوەتەوەو بەیەکەوە نووساون وەك ئەوەی بیانەوێت بۆشایی نێوانیان نەهێڵن.

لە وەرزی بارانبارینیشدا، هەر کاتێك جۆگەلە یەك دەدۆزمەوە، کە بەهۆی هەڵمژینی باراناو لە لایەن زەوییەوە دروستبووە. شاگەشکە دەبم بەو دەسکەوتە. ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە، بەباشی دەخۆم. یارمەتیدەرەکەم، هاریسۆن، لە هەفتەیەکدا پێنج جار دێت و ئەو شۆربای (ئۆنجۆ)یەی ئەو دروستیدەکات بیۆێنەیە. زۆر جار قسە لەگەڵ کچەکەمدا دەکەم. هەر لە نێوان دوو هەفتەشدا کە تەلە فونەکەم مردار دەبێتەوە، بەپەلە  دەچم بۆ کۆمپانیای تەلە فۆن تا بەرتیل بدەمە کەسێك بۆم چاکبکاتەوە. گۆڤارە خۆڵاوییە زۆر کۆنەکانی سەر کتێبخانەکەم هەڵدەدەمەوە. بەقووڵی بۆنی دار (نییم)ەکان دەکەم کە ماڵەکەم لە ماڵی پرۆفیسۆر ئیبوە جیادەکاتەوەو دەبوایە بۆنیان خۆشبوایە، هەرچەندە ئێستا نازانم بەتەواوی چی چاکدەکاتەوە.

من ناچم بۆ کڵێسە، دوای یەکەم سەردانی ئەبیر وازم لێهێنا، چونکە ئێستا لە یەقیندا ناژیم. سەرسامیمان بەرامبەر بەمردن، پاڵمان بەئاراستەی دینداریەوە پێوەدەنێت. واملێهاتووە یەکشەممان لە بالە کۆنەکەدا دادەنیشم و چاودێریی باڵندەکان دەکەم کاتێك لە سەر سەقفەکەم دەنیشنەوە، وا دێتە خەیاڵمەوە بەسەرسامییەوە لە سەرەوە قێزمان لێدەکەنەوە.

(ئایا ژیانت باشە.. بابە؟) لە م دواییانەدا نیکیرۆ پرسیاری لێکردم، بەو گوزارشتە ئەمریکییە بێزارکەرە. پێموت: ژیانم باش یان خراپ نییە، زۆر بەسادەیی ئەوە ژیانی منە، ئەوەش لە هەموو شت گرنگترە.

بەئیکینام وت کە لەگەڵمدا بێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ئەو وتی کە بەسەر ڕێوەیە بۆ ئنجۆ، کاتێکیش کە پرسیم ئاخۆ جارێکی دیکە دێت. دەستەکانی بەشێوەیەك جوڵاند کە ئاماژەیە بەڕازیبوون. من زانیم کە هەرگیز نایەت و جارێکی دیکەش نایبینمەوە. تا ڕۆیشت سەیری ئەو پیاوە داکەوتووەم کرد. بەئوتومبێلە کەم گەڕامەوە بۆ ماڵەوەو بیرم لە و ژیانە دەکردەوە کە بەسەرمان بردو ئەوەی کە ماوە، هەموومان، ئەوانەی لە و ڕۆژە خۆشانەی پێش جەنگ هاتوچۆی یانەی فەرمانبەرانمان دەکرد.

بەهۆی ئەو شوختە بچوکەی هەفتەی رابردوو دروستبوو کاتێك لە بەردەم ماڵەوە ڕامگرتبوو، ئێستا زۆر بەوریایی ئوتۆمبێلە  مارسیدسەکەم دەخەمە گەراجەکەوە. هەرچەندە ئێستا تەمەنی بووەتە پازدە ساڵ، بەڵام هێشتا لە حاڵەتێکی زۆر باشدایە.

بیرمە نیکیرۆ چەندی پێخۆشبوو کاتێك لە ئەڵمانیا شەحنمان کرد، لە وێ کڕیم، ئەو کاتەی چووم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی زانستە ئەفریقییەکان. ئەوسا نوێترین مۆدێل بوو، من ئەوەم نەدەزانی، بەڵام هاوڕێ مێردمنداڵەکانی نەکیرۆ هەمووی دەهاتن بۆ سەیرکردنی. بێگومان ئێستا هەر کەسێك مارسیدس لێبوخڕێت، لە کۆتۆنۆ-وە بەبەکارهێنراوی هاوردەیکردووە، ئەبیر بەردەوام گاڵتەی پێدەکردن و دەیوت: ئوتۆمبێلە کەمان کۆنە، بەڵام زۆر لە و ئوتۆمبێلی (تەکە تەکانە، وەك ناوی نابوون) باشترە کە بەبێ قایشی سەلامەتی لێیدەخوڕن. ئەو هێشتا ڕۆحی گاڵتەی تێداماوە، کاتێك سەردانم دەکات، جارجارە ختوکەم دەدات، دەستم پێدادەهێنێت، زۆر باشیش دەزانێت دەرمانی پرۆتستاتەکە شتێکی لە وێدا لە ناوبردووە، بەڵام ئەمە بۆیە دەکات تا لاساریم لەگەڵدا بکات و پێکەنینە گاڵتەجارییەکەی بەرەڵا بکات.

له پێکەنین بەردەوام بە، نەنە

ڕۆژی ناشتنەکەی، کاتێك کچەزاکەمان قەسیدەکەی (له پێکەنین بەردەوام بە، نەنە)ی خوێندەوە، بیرم له وە کردەوە ئەو ناونیشانە چەند گونجاو و جوانە، وشە منداڵانییەکانی شیعرەکە فرمێسکی له چاوەکانم باراند، هەرچەندە گومانم وابوو کەدایکی زۆربەی نووسیبێت.

له ڕێگەی چوونە ماڵەوەمدا بەچواردەوری گۆرەپانەکەمدا ڕووانی، هاریسۆن کەمێك بەباخدارییەوە خەریکبوو، له م وەرزەدا زیاتر خەریکی ئاودێری بوو، قەدی گوڵەکان بووبوونە چیلکەی وشك، بەڵام درەختی کەرەزەکان هێشتا بوێرانە سەوزو تەڕبوون.

دەرمانەکانم خەڵك ناکوژن...

تەلە فزیۆنەکەم پێکرد، هێشتا شاشەکەی تەرزەی هەبوو، هەرچەندە کوڕە باشەکەی دکتۆر ئۆتاجبۆ، کەئەندازیاریی ئەلە کترۆنیی دەخوێند، هەفتەی ڕابردوو هات تا بۆم چاکبکاتەوە، کەناڵە ئاسمانییەکانم دوای زریان و هەورە تریشقەکەی ئەم دواییە، بوون بەهەڵم. بەهەرحاڵ مرۆڤ دەتوانێت چەند هەفتەیەك بەبێ کەناڵەکانی BBC و CNN بژی، بەرنامەکانی کەناڵی ATN ی نیشتمانیش زۆر باشە، ئەو کاتانەی کە مێردمنداڵە ئەمریکییەکان نیشان دەدات بەنیمچە ڕووتی سەمادەکەن.

کەناڵی ATN ی نیشتمانی پێش چەند ڕۆژێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ پیاوێکی دیکە نمایشکرد، له وانەی بەهاوردەکردنی دەرمانی ساختە تاوانبارکراون، ئەمجارە دەرمانی پەتای تایفۆئید.

( له ڕاستیدا دەرمانەکانم خەڵك ناکوژن). ئەمەی بۆ ڕوونکردنەوە وت. له پێش کامێرا دانیشتبوو وەك ئەوەی ئاگاداری بۆ جەماوەر بلاوبکاتەوە، (ئەو دەرمانە تەنیا نەخۆشییەکانتان چاك ناکاتەوە).

تەلە فزیۆنەکەم کوژاندەوە، چیتر بەرگەی بینینی لێوی له ڕزۆکی کابرام نەدەگرت، بەڵام زۆر ئیستفزازی نەکردم، وەك ئەو شێوە ناخۆشەی ئەگەر سەردانەکانی ئەبیرم لێبېردرێت.

تەنیا هیوام خواست جارێکی دیکە بەئازادی ڕێی سەفەر بەوانە نەدەن بۆ چین یان بۆ هیند یان بۆ هەر شوێنێك کە دەرمانی ئێکسپایەری لێدێنن، ئەو دەرمانانەی خەڵك ناکوژن، بەڵام وادەکات نەخۆشی بیان کوژێت.

ئەوەی بەڕێوەیە چاکترە

من ئێستا له کتێبخانەکەم دانیشتووم، بەردەوام لێرە یارمەتی نەکیرۆم دەدا له ئەرکەکانی وانەی قورسی بیرکاریی دواناوەندی، چەرمی کورسییەکە پتەوە، بۆیەی ڕەنگی کراوەی ڕەفەی کتێبەکان خەریکە توێخ هەڵدەدەن، له خۆمم دەپرسی بۆ له ماوەی ئەم چەند ساڵە دووروودرێژەدا کەس پێی نەوتووین کە ئیکینا نەمردووە.

هەر بەڕاستی، چەندین چیرۆکمان بیست دەربارەی ئەوپیاوانەی هەمووان وایاندەزانی مردوون و له پڕێکداو له دوای ساڵی 1970 پاش چەند مانگێك یان تەنانەت پاش چەند ساڵێك بەزیندوویی خۆیان بەماڵەکانیاندا دەکردەوە. دەتوانم بیهێنمە بەر چاوی خۆم چەندە خۆڵ دەکرا بەسەر ئەو پیاوە دارماوانەدا له لایەن کەسوکارییانەوە کە له نێوان باوەڕنەکردن و بێهیواییدا گیریانخواردبوو. ئێمە کەمتر باسی شەڕەکە دەکەین، کە باسیشی دەکەین بەئالۆزییەکی خۆکردەوە دەیکەین. وەك ئەوەی گرنگ بەسەریەکدا ترنجانمان له مەترێزە قورینەکاندا نەبێت، له کاتی بۆردوومانی هەوایی کە له دوایشدا وەك لاشەی پڕ پەڵەی پەمەیی له سەر پێستی بەخەڵوزبوو، دەیانناشتین، ئەوە گرنگ نەبێت توێکڵی (کاسافا)مان دەخواردو سەیری هەڵئاوسانی سکی منداڵەکانمان دەکرد، بەڵام گرنگ مانەوەمان بێت بەزیندوویی، پێدەچێت ئەمە ڕێکەوتنێك بێت له نێوانماندا، ئەوانەی بەزیندوویی له بیافرا ماوینەتەوە.

تەنانەت من و ئەبیریش کە چەند مانگێك گفتوگۆمان بوو بۆ هەڵبژاردنی ناوی منداڵی یەکەممان، زیك، زۆر بەخێرایی له سەر ناوی نیکیرۆ ڕێککەوتین، کە بەزمانی ناوچەیی خۆمان مانای ئەوی بەڕێوەیە چاکترە.

ئێمە....... بۆ پێشەوە دەڕوانین، تەنیا بۆ پێشەوە.

---

(*) شەڕی ناوخۆی نەیجیریا، کە بەشەڕی بیافرا ناسراوە، له 6ی یۆلیۆی 1967دا هەڵایساو تا 13ی ینایری 1970 بەردەوام بوو، هۆکاری سەرەکیشی جیابوونەوەی پارێزگاکانی باشووری نەیجیریاو بانگەوازی سەربەخۆییان بوو له ژێر ناوی بیافرا-دا. ئەو شەڕە بەدروستبوونی برسێتیی زۆرو کۆمەڵکوژیی بەرفراوان ناسراوە.

**سەرچاوە:**

ژمارە (51) ی گۆڤاری (نزوی) - وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عطیة صالح الاوجلی.